# مافەکانی مرۆڤ لە ژێر رۆشنایی ڕێڕەوەکانی سیستەمی نوێی جیهاندا

ن: د. مهدی زاکریان امیری
و: ئومێد کەمال

**ناساندنی بابەتەکە:**

روداوەکانی پاش ساڵی ١٩٨٩ نیشانەی روداوی گەلێك گەورەن لە سیستەمی نـوێی نێودەوڵەتیـدا، هەرەسی دیواری بەرلین و یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمان، بەڕێوەچوونی سیستەمی پاراستنی هێمنایـەتی دەسـتەجەمعی پێـشبینی کـراو لـە جاڕنامـەی ڕێکخـراوەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لەلایـەن هێـزە هاوپەیمانەکان بۆ ڕێگرتن لەسەرەڕۆییەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق دەرهەق بە کوێـت، پـرۆژەی ئاشـتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم و بلۆکی رۆژهەڵات، کۆتایی هاتنی ڕژێمـی ئاپارتایـد لە ئەفەریقای باشوورو دامەزراندنی دادگا بۆ تاوانبارانی جەنگ لە یۆگۆسلافیای پێشوو رواندا، هـەموو ئەمانە نیشانەو هێمان بۆ دونیایەکی نوێ، دەرەنجامی هاتنە کایـەی سیـستەمێکی نـوێ و جیـاواز لـە دەیەکانی کۆتایی سەدەی رابردوودا... لەم سیستەم نوێیەدا کە هێشتا لە گوزەرانـدنی کۆرپـە قۆنـاغی خۆیدایـە، پێوەرگـەلێکی وەك، بایەخـدان بـەرۆڵی ڕێکخـراوەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان، ڕێزگـرتن لـە مافەکانی مرۆڤ بە نەهێشتنی چەکە کۆمەڵکوژەکان، بەگژداچوونی تیرۆریزم، پاراستنی ژینگە، ئـابووری و بازاڕ، گەشەپێدان و کۆنترۆڵکردنی دانیشتوان، گرنگییەکی شایانی سەرەنجدانە.

یەکێك لە هۆکارە گرنگ و پەیوەندیدارەکان لەم سیستەمە نوێیەدا مەسەلەی رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ئەم مافانەیە، گرنگی ئەم بابەتە لە پەنجا هەمین سالیادی پەسەندکردنی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە سالی ١٩٤٨ سی سال پاش یەکەمین کۆنفرانسی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە سالی ١٩٦٨ لە تاران و دە سال پاش کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو پێنج سال دوای دووەمین کۆنفرانسی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە (ڤییەننا) لە سالی١٩٩٣.

لای هەموان ئاشکرایە، هەرچەند تێگەیشتنی جیاواز لە چەمکی مافەکانی مرۆڤ لە سیستەمی تازەدا، لە ئارادایە، ئەمرۆکە هیچ ولاتێك بانگەشەی دژایەتی و رووبەڕووبوونەوە لەگەل مافەکانی مرۆڤدا ناکات، بۆ نمونە هەندێك لەو بڕوایەدان دیموکراسی بنەماو ئەصلە بۆ مافەکانی مرۆڤ و بەبێ دیموکراسی، پرەنسیپە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ هەر لە ئاسایشی تاك و نەبوونی جیاکاری، مافی دامەزراندنی گروپ و کۆمەلەکان و... هتد. بەرجەستە نابێت.[١]

هەندێ کەس بۆچوونێکی دیکەیان هەیە لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ کاتێك بیر لە مافەکانی مرۆڤ دەکەینەوە، مافە کەسی و شەخسییەکان دەخرێنە زەینمانەوە، کاتێك دەپرسین مافی مرۆڤ چییە؟ جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ مافی هاولاتیبوون، خەبات دژی کۆیلایەتی و هەندێ مەسەلەی هاوشێوەی ئەوانەمان دێتەوە بیر[٢] هێندێك مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی مافی گەشەپێدان و پاراستنی ژینگەو... هتد. پێناسە دەکەن.[٣]

بەم پێیە چەند بیرۆکەیەکی جۆراوجۆرو تێگەیشتنی جیاواز لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ لەم جیهانە نوێیەدا هەیە، لە کۆتاییدا هەموو ولاتان سەبارەت بە پرنسیپە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ، بە هاوڕایی گەشتوون.

لە ژێر رۆشنایی گۆڕانکاری و دەرهاویشتە بەدەستهاتووەکانی جیهانی ئەمڕۆ، بنەماگەلێکی هەمە چەشن بۆ سیستەمێکی نوێی پاش جەنگی سارد لە بەرچاو گیراوە، یەکەمین بەردی بناغەی سیستەمی نوێی جیهانی پەیمانی (ناتۆ)یە، کە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، بەمەبەستی پاراستن و بەرگریکردن لە ئاسایش بەپێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ئاستێکی فراواندا دەرکەوتووە.

هێنری کیسنجەر پەنجە دەخاتە سەر رۆلی ئەمریکاو لە سالی ١٩٩١دا دەنووسێ (ئەمریکا لە سیستمی نوێی جیهانیدا رۆلی هاوسەنگکردنی وەئەستۆ گرتووە، چونکە کەسێکی دیکە ناتوانێت ئەم رۆلە وەئەستۆ بگرێت)[٤]

نموونەی ئاشکراو پراکتیکی ئەم رۆڵە، لە دەست تێوەردانەکانی ناتۆدا بەرچاو دەکەوێت بەسەرکردایەتی و رابەرایەتی ئەمریکا لە قەیرانە نێودەوڵەتییەکانی وەك یوگسلافیای پێشوو، هێرش و پەلاماری ئەمریکا و بەریتانیا بۆ سەر دامەزراوەکانی عێراق لە دیسەمبەری ١٩٩٨دا.

دیارە فراوانبوونی چەتری بەرگری ناتۆ بەرەو رۆژهەڵات هەندێ جار لە پێناو بەرژەوەندی و پاڵنەرە ئایدیۆلۆژییەکانی هاوشێوەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ هەنگاو هەڵدەگرێت و پاساو دەدرێت.

یەکێکی دیکە لەو بەردە بناغانەی سیستمی نوێی جیهانی، مەسەلە ئابوورییەکانە کە لێرەدا لەگەڵ چەند جەمسەر یان هێزی ئابووریدا رووبەڕوو دەبینەوە، یەکێتی ئەوروپا، یابان، ئەمریکا رەنگە ئاسیای باشووری رۆژهەڵاتیش... لەم پێناوەدا و بۆ جێگیرکردنی سیستمی نوێی جیهانی، وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات بۆ یەکێتی ئەوروپا پەلکێش دەکرێن، و بەجیهانی بوونی ئابووری ئازاد بەرەو وڵاتانی باشوور تەشەنە دەکات.

بەردە بناغەیەکی دیکە ئەو سیستەمە، رەهەندی سیاسی ئەو سیستەمەیە، لەم بەشەدا هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ روسیا، پەیوەندی لەگەڵ یابان و چین، ئیدارەکردنی قەیرانەکان لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لە ئارادایە.

کۆتایی و گرنگترین پایەی سیستمی نوێ، مەسەلە فەرهەنگی و نەریتییەکانە کە لە راستیدا لە خۆگرتەی خوێندنەوەیەکی لیبرالی ویلسۆنییە بۆ سیستمی نوێی جیهانی، لەوانە فراوان بوونی مافی مرۆڤ پلۆرالیزم (فرەیی)، دیموکراسی، بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەموویان بە ئاشتی و هەماهەنگی لەگەڵ خۆرئاوادا وێك دێنەوە و کۆمەك و یارمەتی لێوەردەگرن...

لەم وتارەدا بەسەرنج دان لە کۆمەڵێك رووداو و چالاکی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٨٩دا، واتە لەسەردەمی کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، ئەم دیدگاو بەرەنجام و بیردۆزانەی لەمەڕ سیستمی نوێی جیهانی تاوتوێ دەکرێن و بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی سیستمی نوێ و رونکردنەوەی پێگەی مادی مرۆڤ لە دونیای نوێدا باسیان لێوە دەکرێت. گریمانەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە دیدگای لیبراڵی سیستمی نوێی جیهانی ئاراستەی بنەماو رەفتاری زلهێزەکانی جیهان دەکات لە رەهەندە سیاسی و ئابووری و سەربازی و فەرهەنگییەکاندا.

## رژێم و سیستم

هەردوو وشەی رژێم و سیستم لە زمانی فارسیدا (نظام و نظم) وەك یەك و هاو واتا دێتە پێش چاو، بەڵام لە واقیعدا دوو وشەی ( Order & System) واتای تایبەتی خۆیان هەیە.

سیستەم بریتییە لە رێکخراوێك کە پەیوەندی نێوان ئەندامەکان بەهاوکاری یەکتر بەپێی بنەماکانی ئەم سیستەمە دێتە بوون[٥].

هەمان کۆمەڵە گۆراوێکی وابەستەیە پێکەوە هەرچەشنە گۆراوێك لە هەریەك لە رەنگە بوونیادییەکانی سیستەمەکە لە هەموو بەشەکانی تری ئەو سیستەمەدا زۆر بڵاودەبێتەوە و تەشەنە دەکات... بەڵام سیستەمی نوێی جیهانی بە مانای زنجیرەیەك پرۆسیس و، جموجۆڵ و گۆڕانە لە نێو ئەم سیستەمەدا کە لە حاڵەتی فۆرم و شوناس بەخشیندان بەسیستەمەکە، بەواتایەکی دی قۆناغی پەڕینەوەیە لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکی تر[٧] بەم پێیە کە لە سیستمێکی نوێی جیهانی دەدوێین، مەبەستمان پرۆسیس و گۆڕان و جموجۆڵ گەلێکە، کە لە سەردەمی کۆتایی هاتنی جەنگی ساردەوە دەرکەوتوون، مەسەلەی دابەش کردنی دەسەڵات و چۆنیەتی گۆڕانی هێزەکان لە ساڵی (١٩٨٩)وە شیاوی سەرنج دانە. بیروڕای تیۆریسینەکان لەم بارەیەوە چییە؟. بە چ شێوەیەك دەتوانین پۆلێنیان بکەین...؟ بەڵام کاتێك کە باس لە سیستمی نوێی جهانی ئەو پێکهاتە هەنوکەییەی لەو گۆڕان و وەرچەرخانەی پاش جەنگی ساردەوە هاتۆتەکایەوە و لە چۆنیەتی کارکردنی یەکە سیاسییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، پێویستە لە زەینماندا داینێین.

بەسەرەنجدان لەوەی کە سیستمی نێودەوڵەتی کاریگەری دادەنێت لەسەر یەکە سیاسییەکان و کاریگەری ئەوانیشی لە سەرە، لە بارەی مافەکانی مرۆڤیشەوە دەبێت بزانین سیستمی نوێ لە ژێر کاریگەری چ بەهاو رێبازێك دایە.

لەلایەن یەکە سیاسییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، و لە بەرامبەریشدا خودی سیستمی نێودەوڵەتیش چ بەها و نەریتێك بەسەر یەکە سیاسییەکاندا دەسەپێنێت.

## رێگاکانی سیستمی نوێی جیهانی

شکڵگیری گۆڕان و وەرچەرخانە خێراکان، هاوکات لەگەڵ گۆڕانی تەرازوو هێزەکان، بۆتە هۆی ئەوەی تیۆریسینەکان لە زەمینەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتمەداران بپرژێنە سەر شیکار و جیاکردنەوەی رووداوەکان و سەبارەت بە بارودۆخی جیهان - پاش جەنگی سارد- رای خۆیان دەربڕن. بیرو تێڕوانینەکان لەمەڕ سیستمی نوێی جیهانی لە رەهەندێکی قوڵەوە بە سەر دوو دەستەدا دابەش دەبن:

**١- تێڕوانینی واقیعییانە لە سیستمی نوێی جیهانی:**

یەکەمین راڤە لە مەڕ سیستمی نوێی جیهان پەیوەستە بەواقیع بینان و ئەو بیرمەندانە کە لە گۆڕینی دابەش بوونی هێزو چۆنیەتی جێگیربوونی سیستمی نێودەوڵەتی و رۆڵی هێز یا هێزە هاوسەنگکارەکان دەکۆڵنەوە.. ئەم دەستە لە بیرمەندان تەوەری باس و توێژینەوەیان جەخت کردنە لەسەر لێکهەڵوەشانی ئیمپراتۆری (یەکێتی سۆڤیەت)، لە نێوچوونی سیستمی دوو جەمسەری چۆنیەتی دابەشبوونی هێز، گواستنەوەی هێز، رۆڵ و توانای زلهێزە بە جێماوەکە لە سیستمی دوو جەمسەری پێشوودا واتە وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمریكا لە مەیدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، هاتنە مەیدانی هێزە ركابەرەكانی تر لەوانە یەكێتی ئەوروپا و یابان و هتد...

لە دیدی ئەوانەدا كۆتایی هاتنی جەنگی سارد و لێكهەڵوەشانی ئیمپراتۆریەتی (یەكێتی سۆڤییەت) خاڵی دەست پێكردنی باسە تیۆرییە نوێیەكانە، لەمەڕ شێوەی ئایندەی جیهان، یان سیستمی نوێی جیهانی، ئەوان بە تێڕوانینی واقعییانەی خۆیان، مەسەلەی دابەشبوونی هێز و گواستنەوەی هێز لە هەرسێ رەهەندی سیاسی و سەربازی و ئابووری بەگومانی هەندێكیش ژیاری و فەرهەنگی- تاوتوێ دەكەن و، دەست دەدەنە شیكردنەوەو تیۆریزەكردن.

أ- هینری كیسنجەر لەسەر ئەساسی تیۆری هاوسەنگی هێزەكان لەو بڕوایەدایە ئەمریكا دەبێ رۆڵی پارسنگ وە ئەستۆ بگرێت، بەڕای كیسنجەر لە سیستمی نوێ جیهانیدا دوو رێگا زیاتر بوونی نییە:
١- هەژموون . ٢- هاوسەنگی.

ئەو دەڵێت: (لەبەر ئەوەی ئەمریكا سەرچاوەی تەواو پێویستی نییە بۆ دەستەڵات، بۆیە پێویستە بگەڕێتەوە بۆ هەمان سیستمی هاوسەنگی هێزەكان، چونكە لەو سیستەمەدا پێویستی بە هاوسەنگی بەخشێك هەیە، ئەمریكا لە هەمووان باشتر دەتوانێت ئەو رۆڵە ببینێت، چونكە هیچ ولاتێكی دیكە توانای لە ئەستۆگرتنی ئەو جۆرە رۆڵ بینینەی نییە)[٨].

ب-( ئا. ر.كل)یش روانینێكی هاوشێوەی كسینجەری هەیە و لە دیدی ئەوەوە ئەمریكا لە حاڵی حازردا هەمان رۆڵی هەیە كە ئینگلیز لە سەدەی (هەژدەو نۆزدە)دا هەیبووە، لە نێوان هێزە ناوچەییەكاندا و بە هەمان شێوەش لەسەر ئاستی جیهانی، هاوسەنگی دەخولقێنێ.[٩]

ج- استانلی هافمن/ هافمن دەڵێت: جهان پاش جەنگی سارد هیچ لێك چوونێكی نابێت لەگەڵ جیهانی رابردوودا، وەها سیستمێك لە روانگەی دابەشكردنی هێزەوە فرە جەمسەرە، بەڵام هێزە كاراو ئەكتیڤەكان لە جۆراوجۆری دەستەڵات بەهرەمەندن لەڕووی ئابووری و داراییەوە یابان و ئەڵمان، لە روانگەی زۆری دانیشتوانەوە چین و هیندستان و لە ڕووی ئابووری و سەربازییەوە ئەمریكا بەهرەمەندە[١٠].

د- چارلز كرات هامر: لە روانگەی ئەوەوە سیستمی پاش كۆتایی جەنگی سارد تاك جەمسەرییە، لەو بڕوایەدایە جەنگی دووەمی كەنداوی فارس دەستپێكی خولێكی ئاشتەوایی ئەمریكاییە بەهۆی هەژموونی ئەمریكاوە، و ئەوەی ئەمریكا هاندەدات بەشێوەیەكی یەكلاكەرەوە دیدگاو بەهاكانی خۆی بەسەر ولاتانی دیكەدا لە زەمینەی سیستەمی نوێی جیهانیدا بسەپێنێ، بەبۆچوونی ئەو تەنها ئەمریكایە توانای رووبەڕووبوونەوەی هەیە لەگەڵ قەیرانە نوێیەكاندا[١١].

هـ- انتونی كوردزمن: تیۆری پۆلیسی جیهانی دەخاتەڕوو و دەڵێت: (ئەمریكا دەبێت رۆڵی پۆلیسی جیهانی وەئەستۆ بگرێت) لە بۆچوونی ئەودا ئەمریكا تاكە ولاتێكە كە دەتوانێت دەرفەتی قەیرانەكان بێت[١٢].

و- ساموئیل هانتینگتۆن: مەسەلەی رووبەڕووبوونەوەی ژیارەكان بە پارادایمی راڤەگەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانی سەردەمی پاش جەنگی سارد دەزانێت، دەڵێت: ئەمڕۆ سیاسەتە جیهانییەكان بۆ یەكەم جار لە مێژوودا (هەم فرە جەمسەرییە هەم فرە ژیاری). بەڕای هانتینگتۆن

كۆتایی هاتنی جەنگی سارد بە واتای كەمبوونەوەی هەڕەشەكان نییە بۆ سەر خۆرئاوا[١٣] لەو بڕوایەدایە جەنگی سارد شوناسی پێبەخشین و نەبوونیشی قەیرانی شوناسی بۆ ئێمە دروست كردووە[١٤].

- ریچارد رۆز كرانس: رۆز كرانس لە ساڵی ١٩٩٢ بابەتێكی نووسی و لەو بابەتەدا بیرۆكەی (كۆنسێرتی نوێ -Concert New)یان بیرۆكەی رێكەوتنی هێزەكانی خستەڕوو، بەڕای ئەو سیستمی نوێی جیهانی دەكرێت لە سێ رێگەوە رێك بخرێت:

١- هاوسەنگی كلاسیكی هێزەكان. ٢- قەڵغانی ئەتۆمی. ٣- دروستكردنی هاوپەیمانییەكی مەركەزی كە یاسا بۆ سیستەمەكە گەلاڵە بكات.

ئەو بەشی سێیەمی بە بەشداری پێنج هێزی جیهانی كە بریتین لە چین و رووسیا و ئەمریكا و ئەوروپا و یابان پەسەند دەكات. ئەم زلهێزانە دەبێ سێ بنەما لە بنەماكانی كۆنسێرتی نوێی نێودەوڵەتی قەبوڵ بكەن كە بریتین لە:

١- دەستێوەردان و بەشداری هەموولا.

٢- رێكەوتنی ئایدۆلۆژی.

٣- مەحكوم كردن و رسواكردنی فراوانخوازی جوگرافی و جەنگ. دەڵێ: (هەر سیستمێكی نێودەوڵەتی بۆ هەماهەنگی پێویستی بە هەڕەشەیەك هەیە، كە نەتەوە و گەلان دەبێت شتێك یان بۆ شتێك هاوكاری یەكتر بكەن) ئەمڕۆ هەڕەشەی بنەڕەتی بۆ سیستەمی نوێی جیهانی لەبەریەك هەڵوەشانی ئابووری لیبراڵی جیهانییە... رێكەوتنی ئایدۆلۆژیك بۆ بەرگری كردنە لە رووداوێكی گرنگی لەو چەشنە..

ئەمێستا گرنگترین توخم كە جیهان یەك دەخات و هاوكاری ئەو كۆمسیۆنە ئاسان دەكات، پلەیەكی باڵایە لە رێكەوتنی ئایدۆلۆژی كە لە نێوەندی هێزەكاندا بوونیان هەیە، باوەڕبوون بەدیموكراسی لیبراڵ و بازاڕی ئازاد بە كرۆكی بنەڕەتی ئەو رێكەوتنە ئایدیۆلۆژییە دێتە هەژمار.[١٥]

ح- جۆزێف نای: كە یەكێكە لە نوێخوازەكان لە ساڵی ١٩٩٢دا نووسی: (سەردەمی سیستمی نوێی جیهانی سەردەمی هەژموونی ئەمریكا نییە). دابەش بوونی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا پاش جەنگی سارد دەكرێ بە پێنج شێوە ئەنجام بدرێت:

١- گەڕانەوە بۆ سیستمی دوو جەمسەری. ٢- فرە جەمسەربوون. ٣- دروستكردنی سێ بلوكی ئابووری. ٤- سیستمی دەستەڵاتی تاك جەمسەری. ٥- وابەستەیی بەرانبەر لە چەند ئاستێكدا.

ئەو لەو بڕوایەدایە كە بژاردەی پێنجەم پراكتیزە ترە. دابەشكردنی هێز لەسەر ئاستی جیهان بە كێكێكی سێ توێ بەرچاو دەكەوێت سەرەوەی لە توێژی سەربازی جێگیرە، واتە دونیا تاك جەمسەریە، چونكە هیچ هێزو دەستەڵاتێك توانای رووبەڕووبوونەوەی ئەمریكای نییە، توێژی ناوەڕاست ئابوورییە كە سێ جەمسەرە، توێژی خوارەوەی نیشاندەری پەیوەست بوونی بەرانبەرە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەمەدا دەستەڵات پەرش بڵاوە.

گ- اندریەفونتن: لە بارەی تایبەتمەندییەكانی ئەم سەردەمەوە دەڵێت: (هەرەسی بلۆكی رۆژهەڵات و لەبەریەك هەڵوەشانی یەكیەتی سۆڤیەت كۆتایی هێنا بەسەردەمی سیستەمی دوو جەمسەری، بەم حاڵەوە سیستەمی نوێی نێودەوڵەتی تائێستا بەتەواوەتی چالاك نەبووە و جیهان لە ئەزموونی قۆناغێكی راگواستن دایە، هەندێك پێیان وایە و وایان پێ باشە ناوی سەردەمی تاك جەمسەری لێ بنێن... ئەم سیستەمە لە بنەڕەتەوە نەگۆڕ نییە،

چونکە سەرچاوەی بنەڕەتی هێـزی ئـەمریکا- وەك تاکە زلهێز- سیستمی سەربازییە، ئەم وڵاتـە لـەنێو خۆیدا رووبەڕووی چەند گرفتێکی گەورەی ئـابووری بۆتەوە لەکاتێکدا فاکتەری بەدەستهێنانی دەسەڵات لە ئایندەدا زیاتر روخسارێکی ئابووری هەیە[١٧].

ی- نـوام چومسـکی: لیـستی نـوێی جیهـانی ناوێکی نوێیە بۆ پـەنا بردنـە بـەر هێـز و دەڵێـت: سیستمی نێودەوڵەتی لە روانگەی ئابوورییەوە سـێ جەمسەریە (وڵاتە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا، یابان)، لە ڕەهەندی سەربازییەوە تاك جەمسەرە کە (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە).[١٨]

ك- مارتین شاو: بـەڕای شـاو سیـستمی نـوێی جیهانی نیشانەیە بۆیەك بلۆکی پیشەسازی جیهانی کـە بەسـەر هـەموو جیهانـدا دەسـەڵاتی هەیـە، سیـستمی نـوێی جیهـانی بـە شـیمانەیەکی زۆر، بـەجۆرێك لـە جۆرەکـانی لـە متمانـەی نێـوان (ئەمریکا، ئەوروپا، و بەتایبەت ئەڵمانیا و یابان و یـەکێتی سـۆڤیەت) سەرچـاوەی گرتـووە. ئەمانـە پێکەوە بلـۆکێکی زەبـەلاحی پیـشەسازی جیهـانی پێك دێنن کە فەرمانڕەوایی جیهان دەکـەن، بەسـەر جیهانێکدا کە بەسـەر گـەلێك ناوچـەی جیـاوازدا، دابـەش بـووە، ئەمانـە ژیـانێکی نـوێ بـە دونیـا دەبەخـشن، ئـەم بلۆکـە زلهێـزە لـە شـوێنە هەستیارەکاندا زنجیرەیەك ڕێگـا چـارەی سیاسـی و سـەربازی بەسـەر دەرەوەی خۆیانـدا دەسـەپێنێ... ئەوانی دیکە بەتایبەت جیهانی سێیەم پاشکۆی ئەم گەورە بلۆکە دەبـن، چـونکە بـە رایەڵکەیـەکی زۆر پێوەی بەستراون[١٩].

ل- نیل مك فارلین: دابەش کردنێکی نـوێی لـە ناوچـەکانی جیهانـدا کـردووە، ئێمـە سـێ جـۆر مەملەکـەتمان هەیـە لـە جیهانـدا، یـەکێك ئـەو ناوچانەی هەمـوو دەسەڵاتە گەورەکان بەرژەوەندییان تێدایـــە، لەبەرئـــەوەی بەرژەوەندییـــەکانیان تێکهەڵکێشن و مامەڵەیان لەگەڵ یـەك بـۆ پەیـدا دەبێت، نموونەش ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و (کەنداوی فارسە)ە. ناوچە گەلێکی دیکە هـەن کـە تەنیا یـەك هێـزی لـە پێـشتری هەیـە، وەك وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا لـە ئـەمریکای لاتـین و ناوەندی، چەشنێکی دیکە، ئەو ناوچانەن کـە هـیچ هێزێك بەرژەوەندی بنـەڕەتی ورد و گرنگـی نییـە، نموونەی ئەمەش هەندێ لە وڵاتانی باشووری بیابانی ئەفریقیان.

ناوچەی سێیەم بەگـشتی لەلایـەن زلهێزەکانـەوە فـەرامۆش دەکرێـت... تـەنها ناوچـەی یەکەمـە ململانێی زلهێزەکانی تێدا زۆرە[٢٠].

م- ریچارد فالك: فالـك لـە کتێبەکـەی خۆیـدا (ئەم ئەستێرە لە مەترسیدایە) بەم شێوەیە دەڵێـت: (مەبەسـت و ئامـانج لـە تـەرح کردنـی چـەمکی سیستەمی نوێی جیهانی کوتومت ئەوەیە: بەجۆرێك بتـوانین تایبەتمەنـدی و شـێوەی رەفتـاری وڵاتـان و فاکتەرە نێونەتەوەییەکان لە بارەی بـار ئاسـایش و گۆڕانکارییـــەوە، روون بکەینـــەوە، بـــەپێی ئـــەم توێژینەوە لە زەمینەی سیـستمی نـوێی جیهانیـدا واتە لێکۆڵینەوەیە لە دەسەڵات و هێز، شـێوەکانی شـەڕو لێکـدان، ڕۆڵـی زەبـروزەنگ و رەوشـەکانی یەکلاکردنـــەوەی ناکۆکییـــەکان، کـــە فاکتـــەرە نێونەتەوەییەکان بۆ ئامانجەکانی خۆیاندا، بەدوایـدا دەگەڕێن[٢١].

ئەو راو شیکردنەوانەی تا ئێستا سـەبارەت بـە دابەشبوون و جێگۆڕکێی هێزەکان خراونەتە رو، پتر لە قالبی تێڕوانینێکی واقیعی دان .... ئەم دیـدگا واقیعگەراییانـــە لـــە بـــارەی سیـــستمی نـــوێی

جیهانییەوە، چۆنێتی دابەشبوونی دەسەلات بەمولكی سیستمی نێودەوڵەتی دادەنێت، دوو جەمسەری، یان فرە جەمسەری، یان یەك جەمسەر بوونی جیهان و بەهەمان شێوە دابەشبوونی جیهان بەسەر سێ ڕەهەندی سیاسی و سەربازی و ئابووری، لەو مەسەلانەن كە بە بایەخەوە لەلایەن بیرمەندانەوە باس دەكرێت.

**٢- وەرگرتنی ئامانج گەراییانە لە سیستمی نوێی جیهانی:**

شرۆڤەو ڕوونكردنەوەی دووەم كە فراوانترو كراوەترە، تەفسیری ئایدیالیستی یان لیبرالییە لە سیستمی نوێی جیهانی، كە لەواقیعدا لە نەریت و سونەتی ویلسۆنی ئەمریكاییەوە سەرچاوە دەگرێت[٢٢].

ئەم ڕوانینە بە نیازی ڕوونكردنەوەو چەسپاندنی بنەماو چوارچێوەی سیستمی نوێی جیهانییە، كە ریشەی لە كلتوور و بەهاكاندایە، بەهاگەلێكی وەها كە براوەكانی جەنگی سارد (واتە دەوڵەتانی لیبراڵ- دیموكراسیەت) رایان دەگەیاند و رەواجیان پێ دەبەخشی و بنچینە ریالیستییەكانی رەفتاری هێزە رۆژئاواییەكان لە مامەڵەیاندا لەگەڵ ولاتانی دیكەدا، كە لەسەر هەمان ئامانج و بنەمای ئایدیالیستیانە دامەزراوە، سەرچاوەكەی لە سیستمی نوێی جیهانییەوەیە. لەم شرۆڤەكردنەدا سیستمی نوێی جیهانی چەمكێكی فراوانتری خستۆتەڕوو، وتەگەلێكی چەشنی مافی مرۆڤ و دیموكراسی، پاراستنی ژینگە، لە نێوبردنی چەكە كۆكوژەكان، بەگژداچوونی تیرۆریزم، كۆنترۆڵكردنی دانیشتوان- وەخۆ دەگرێت...

ئەم دەستە تیۆریسینە لەگەڵ جەخت كردنەوەیان لەسەر شكستی كۆمۆنیزم، (لیبراڵ دیموكراسی) یان سەرخستووە و بەهاكانی ئەو سیستەمە دیاری دەكەن، بڕواداران بەم شێوەیە دەڕزاننە ئەم سیستەمە:

د- مسعود ئیسلامی لە ڕوانگە ئامانج گەرایانەوە دەنووسێت: (بەكۆتایی هاتنی جەنگی سارد، كێشە و رەخنە لە تیۆری ریالیزم و ریالیزمی نوێ كە ماوەیەك وەك بنەمای تیۆری و شیكاری پرسە نێودەوڵەتییەكان دەخرایە ڕو، خەستر بۆوە. تا ناوەندی دامەزراوەی (دەوڵەت- نەتەوە) و چەمكی ململانێ لەسەر دەسەلات و ڕۆڵی پەراوێزكراو و بێ بایەخی رێكخراوە نێودەوڵەتییەكان بە تیۆری ریالیزمەوە دەبەسترێتەوە، زۆربەی بیرۆكە نوێیەكان بەرانبەر ریالیزم سەرهەڵدەدەن. دوای لێك هەڵوەشانی بونیادی دوو جەمسەری جەنگی سارد، كە پتر لەلاوازی و خراپی باری ئابووری و كۆمەڵایەتی ولاتانی بلۆكی رۆژهەلاتەوە بوو، ڕوانگەی لیبرالیستی ڕۆژئاوایی زەمینەیەكی پان و بەرینی بۆ ڕەخسا و دەسكەوتی زۆری لە ئەدەبیاتی تەحلیلی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا بەدەست هێنا. بەشە جیاوازەكانی ڕوانگەی لیبرالیستی بەگشتی جەخت لەسەر ئازادی و مافەكانی مرۆڤ و پێكهاتنی گروپە كۆمەڵایەتییەكان دەكاتەوە، چ لە بەرامبەر دەوڵەت و بەهێزكردنی كەرتی تایبەت، چ لە بەرانبەر كەرتی دەوڵەتی لەبواری سەرمایەداری و بەڕێوەبردنی ئابووری و بازرگانی ئازادی نێودەوڵەتی. لەم چوارچێوەیەدا دامودەزگا و رێكخراوە ناحكومیەكان لەسەر ڕووداو و كاروباری نێودەوڵەتی و كۆمپانیا فرە ڕەگەزەكان كاریگەرن، تا رێكخراوە نێودەوڵەتییە بەناو حكومییەكان- كە لە بوون بە ئایدیۆلۆجی و دەزگا هاوشێوەو هاوبەشەكانی لیبرالیزم- ی هاوشێوەی مۆدێرنیزم و

دیموکراسی و مافی مرۆڤ و بازاڕی ئازاددان، ئەمانە هەموو پێکەوە جێگای سەرنج و بایەخ پێدانی بیرمەندانی لیبرالیستین)[٢٣]

ئادام رابرتز دەڵێت: (بە راستی گۆڕانکارییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی مژدەی (سیستمی نوێی جیهانی) دەدەن، سیستمێك مافە نێودەوڵەتییەکان، هاوکاری زلهێز و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، هەموویان رۆڵی کاریگەرتری تێدا ببینن بە بەراورد لەگەڵ بەشی سەرەکی و ئەو سەدەیەی رابردوو کە لە هەوڵی جێبەجێکردنیدا بوون..[٢٤]

جۆرج بۆش سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا لە کۆنگرەی سێپتەمبەری (١٩٩٠) لە بارەی سەرهەڵدانی سیستمی نوێ و بونیادێکی گۆڕانخواز گووتی (بەگوێرەی ئەو ئەزموونانەی لە هاوکارییە نێونەتەوەییەکاندا بەرچاو دەکەوێت، دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ناوچەی و نێودەوڵەتی پێشبینی سیستمێکی نوێی جیهانی بکرێت، کە مژدەی ژیانی باشتر و ئاشتی بدات بەگەلانی دونیا. (بۆش) لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێت: لە پارەوە (ساڵی١٩٩٠) پێشکەوتنێکی بەرچاو هاتۆتە ئاراوە، کۆتایی هێناوە بەسەردەمی دووروودرێژی مشتومڕی جەنگی سارد. ئێمە دەرفەتێك لەبەر دەمماندایە تا بۆ خۆمان و نەوەکانی ئایندەمان سیستمێکی نوێی جیهانی هەوێن بکەین، جیهانێك تیایدا دەسەڵاتی یاسا نەك یاسای جەنگەڵ چاودێری رەفتاری میللەتان بێ[٢٥].

(جۆرج بۆش) لەم وتانەیدا لەگەڵ ئاماژە بەرۆڵی ئایندەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دوپاتی کردەوە: لەم سیستمەدا رێکخراوێکی نێودەوڵەتی کارامە و بەنرخ دەتوانێ لە رۆڵی پاراستنی ئاشتی و بەرجەستە کردنی ئامانجە راگەیاندراوەکان، بەهرەمەند بێت[٢٦].

(بۆش) لە کۆی قسەکانیدا سیستمی نوێی جیهانی بەم شێوەیە پێناسە دەکات (جیهانێك تیایدا بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی، لاواز بێ ترس لە بەهێز، بە ئارامی و بێ ترس ژیان بەسەر بەرێت، جیهانێك تیایدا نەتەوە یەکگرتووەکان بە دوور لە گرێ کوێرەکانی جەنگی سارد ئارەزووی لە مێژینەی بیاتنەرانەی خۆی پراکتیزە بکات، جیهانێك تیایدا ئازادی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لای هەموو میللەتان پلە و پایەی خۆی هەبێت.[٢٧]

(فرانسیس فۆکۆیاما) لە رابەرانی دیدگای ئامانج گەرایانە لە بارەی بیردۆزە بەناوبانگەکەی خۆی (کۆتایی مێژوو) دەنووسێت، ئەوەی دەیبینین تەنیاکۆتایی جەنگی سارد یا تێپەڕبوون لە قۆناغی تایبەت بە مێژووی پاش جەنگ نییە، بەڵکو کۆتایی مێژووشە: واتە خاڵی کۆتایی گەشەسەندنی ئایدۆلۆجی مرۆیی و بەجیهان بوونی دیموکراسی لیبرالی رۆژئاوایە بە ئەندازەی و کۆتایی دەوڵەتی مرۆیی.[٢٨]

بەسەرنجدانە ئەو روانگەیە، لە ساڵی (١٩٩٨) بەدواوە، رووداوگەلە نوێی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دەبینین وەك: رووخانی دیواری بەرلین، یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمان، لەبەریەك هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت، بەدوای ئەویشدا بلۆکی رۆژهەڵات، لە نێوچوونی ئاپارتاید و هاودەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ تاوانبار کردن و بەرەنگاری سەرەڕۆیی عێراق لەمەڕ داگیرکردنی کوێت... هتد.

ئەمانــە هــەموویان گۆڕانکــاری گــەورەن کــە فاکتەری برەودان و داڕشتنی کۆمەڵێك پرەنسیپن بۆ سیستم نوێی جیهانی، (سالی مـورفن) لـە (ئـادام دابرتــز)ەوە ئــەوەمان بــۆ دەگێڕێتــەوە لــە وتــاری (سەرەمی نوێی پەیوەندی بـە نێـو دەوڵەتیـەکان)دا دەنووسێت: (رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو کاتە سەرکەوتووە کە ببێتە رێکخراوێکـی جیهـانی واقیعــی و لــەو رێکخــراوەدا هــەموو وڵاتــان بەشێوەیەکی یەکسانسوود لە بەها راگەیانـدراوەکان وەربگرن[٢٩].

لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی ساردوو هەرەسـی کۆمــۆنیزم، هیــوای رۆڵــی زیــاتری نەتــەوە یــەکگرتووەکان لــە سیــستمێکی نــوێی جیهانیــدا، پەرەی سەند.[٣٠]

(پترۆس غالی) سکرتێری رێکخراوی نەتـەوەکان لــەم بارەیــەوە دەڵێــت: (خــەڵکانی رێکخــراوی نەتــەوەکان لەلایەکــەوە خۆشــبەختن، کــەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەرفەتی دووبـارەی بەئێمـە بەخشیوە تا دونیای خۆمان بەپێی جاڕنامەکانی نێو دەوڵتی بونیاد بنێین، لە لایەکی تر کۆتایی هـاتنی جەنگی سارد ئێمەی دوورخستەوە لـەو رووبـە روو بوونــەوەی هەڕەشــەی لــە هــەموو دونیــا دەکــرد و زۆرجار رێکخراوەکەمانی ئیفلیج دەکرد.[٣١]

* ڤیلی برانـت: یەکێکـە لـە دامەزرێنـەران و هەڵسوڕێنەرانی سەرەکی کۆنفرانـسی هاوبـەش لـە دەیەی (١٩٩٠)دا بەجـەخت کردنـەوە لەسـەر ئـەم خاڵە لە دیدارێکدا روونـی کـردەوە: (ئێـستا پـاش نەمانی گـرژی نێـوان زلهێزەکـان، هەڵومـەرجێکی تایبــەت هاتۆتــە ئــاراوە. ئامــانجی ئێمــە لــەم کۆنفرانسەدا دروسـتکردنی دەسـەڵاتێکی جیهـانی، بــەهێزکردنی رێکخــراوی نەتەوەیــەکگرتووەکان، سکرتێری گشتی و دواجاریش بە کـردەوە رێگرتنـە لە دروستکردنی جیهانێکی تاك زلهێزی [٣٢]

* (جیمز روزتز) لە کتێبێکـدا کـە لـە سـاڵی ١٩٩٠دا لــە ســەر پەیوەندییــەکان، سیاســەتی نێودەوڵەتی، فراوان بـوون و گەشـەکردنی رەوەنـدی مافــەکانی مــرۆڤ.. بەتایبــەت مافــە مــەدەنی و سیاســییەکان لەســەر ئاســتی نێودەوڵــەتی و دەسوەردانی رەوا لە کاروباری ئەو وڵاتانەی مل بـۆ ئەو گۆڕانکارییانـە نـادەن نووسـیویەتی و دەڵێـت: سیاســـەتمەداران و کابینـــەی حکومـــەت و پەرلەمانەکان لە زۆربەی ئـەو وڵاتانـەدا خوازیـاری ئــازادکردنی زینـدان کراوەکـانی وڵاتـەکانیانن. بـە بڕینی هاوکاری ئابووری هەڕەشە لەو وڵاتانە دەکەن کــە مــافی مــرۆڤ رەچــاو ناکــەن، وەزیــری دەرەوەی ئەڵمانیا و مەجەرسـتانیش هەڵوێـستێکی ئاوایـان وەرگرت و دەڵێن: لـەو سیـستەمە نێودەوڵەتییـەدا مافــەکانی مــرۆڤ بناغــەی دەســت تێــوەردانی نێودەوڵەتییە لە سیستمە دەوڵەتییەکاندا.[٣٣]

(ئادام رابرتز)یش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو دەڵێت: (ئەمێستا سیستمێکی نوێی جیهانی لەسەر مافــە نێونەتەوەییــەکان و جاڕنامــەکانی نەتــەوە یەکگرتووەکان بەرجەستە بووە.[٣٤]

هــەر لەســەر ئــەم بنەمایــە سیــستمی نــوێی جیهانی راگەیەندراو لەلایەن بۆشی باوك، بـە هـۆی دام و دەزگــا نێونەتەوەییــەکان و رابەرایــەتی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەدەستەڵاتێکی زۆرەوە بەڕێوە دەبرێت.[٣٥]

هەڵســەنگاندنی بۆچــوونەکان و پێگــەی مافەکانی مرۆڤ لە سیستمی نوێی جیهانیدا لە دوو روانگەوە بایەخیان پێدەدرێ:

**٣- روانگەی ریالیستەكان یان واقیع گەرایان:**

سیستمی نوێی جیهانی و چۆنییێتی دابەشكردنی هێز (دوو جەمسەری، یەك جەمسەری، فرە جەمسەری) دەستەڵاتە فیعلییەكان، بەم شێوەیە پۆلێن دەكات:

سیاسی = چەند جەمسەری: وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، روسیا، چین، ئەوروپا، ژاپۆن.

سەربازی = تاك جەمسەری: وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا.

ئابووری = سێ جەمسەری: وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، یەكێتی ئەوروپا، ژاپۆن.

**٤- روانگەی لیبرالی یا قوتابخانەی ویلسۆنی:**

ئەم روانگەیە فراوانترە، چەمكی دیموكراسی، ژینگە پارێزی، كۆنترۆڵی دانیشتوان، مافەكانی مرۆڤ و لە نێوبردنی چەكە كۆكوژەكان وەخۆ دەگرێت.

لە تاوتوێ كردن و پۆلین كردنی ئەو دوو روانگەی پێشوودا دەكرێ بڵێین: ئەوەی لە سیستمی نوێی جیهانیدا بایەخی پتری هەیە و زۆرتر مایەی بایەخ پێدانی وڵاتانە، لە تێروانینی لیبراڵی سەبارەت بە سیستمی نوێی جیهانی، گوتاری مافی مرۆڤە كە لە پاڵ خوێندنەوەی واقیع گەرانەی سیستمی نوێ، خراوەتەڕوو. تەنانەت بنەماو رەفتاری زلهێزان بەجۆرێك ئاراستە دەكا كە هاودەنگ بن لەسەر پاراستنی جدی هەندێك بنەماو یاسای مافەكانی مرۆڤ كە بە "رێسا بنچینەییەكانی مافی مرۆڤ (Nogaudr" ناودەبرێن.[٣٦]

لە حاڵەتێكی ئاوادا روانگەی ریالیزمی لەو سیستەمەدا وەك كلێشەی یەكە سیاسییەكان و بۆچوونی لیبرالییە، وەك دڵی ئەو یەكانەش كاردەكات.

هەرچەندە بنەماگەلێكی وەك مافی مرۆڤ لای ئەو یەكە سیاسیانەی كە سیستمی نێودەوڵەتی پێك دەهێنن بایەخی بنەڕەتییان هەیە ، بەڵام ئەم یەكانە لەبەر بەرژەوەندی تایبەتەكانی خۆیان لەهەر كات و شوێنێكدا لە خەمی پاراستنی بنەماكانی لیبرالیزم نین. لە سیستمی نوێی نێودەوڵەتیدا، بنەماو چوارچێوەی سیستمی نوێ هەمان روانینی لیبراڵیە، كەچی كاردانەوەی دەوڵەتان و پەیوەندی نێوانیان لەو سیستەمەدا واقیع گەراییانەیە.

پێویستە بزانین ئەمڕۆ روانینی لیبراڵی بەردەوام لە هەموو جێگایەكدا جێبەجێ ناكرێت، بەڵكو رەفتاری پراگماتیانەی دەسەڵاتە گەورەكان، لە هەموو شوێنێكدا لە رۆحی ئامانج گەراییانەی سستمی نوێوە سەرچاوە دەگرێت، جاری واش هەیە بەرژەوەندی تایبەتی هێزە حساب بۆ كراوەكان، لە هەندێ بابەت و هەنگاودا، پراگماتیانەیە، بەو شێوەی لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتەكانیاندا هەماهەنگ بێت، وەك پرسەكانی هاوشێوەی هایتی و سۆماڵ و عێراق و رواندا... بەڵام كاتێك روانینی لیبراڵی لە سیستمی نوێدا دژی بەرژەوەندی زلهێزەكان بێت، ئەوا رەفتارگەلێكی دوو فاق و جیاواز سەرهەڵدەدات، وەك: پەیوەندییان لەگەڵ شێخ نشینەكانی كەنداو، مامەڵە لەگەڵ پێشێلكاری مافی مرۆڤ لە ئیسرائیل و شێوازی دابینكردنی بودجەی رێكخراوەی نەتەوە یەكگرتووەكان و.. هتد.

بەم پێیە لەگەڵ ئەو هەموو گەشبینییەی لە دیدی ویلسۆنییەوە سەبارەت بەسستمی نوێی جیهانی خراوەتەڕوو، بە هیوای هاتنی دونیایەكی

تازەن. هەندێ لە بیرمەندان بڕوایان بە حەقیقەتی ئەو سیستەمە نییە، چونکە دەبینن لەو کاتەدا هەژاری خەریکە مرۆڤەکان دەفەوتێنێت، بازرگانی ڕەونەق پەیدا دەکات. ئەمریکاش کە خۆی بەدەم ڕاستی ئەم سیستمە دەزانێت، چەك دەفرۆشێت و برسیەتیش وەك فاکتەرێکی بێ سیستمی لە دونیای هاوچەرخدا بەردەوامە، کەواتە ئەو سیستەمە نوێیەی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باسی دەکات لە بنەڕەتدا سیستمێکی تازە نییە بۆ وڵاتانی دواکەوتوو.[٣٧]

لە ڕوانگەی ئەو بیرمەندانەدا، ئەمەریکیەکان لە ئەمریکای لاتین جگە لە پاراستنی بانکەکانیان مەبەستێکی دیکەیان نییە و ناتوانن پارێزەری مافەکانی مرۆڤ بن و داکۆکی لێبکەن[٣٨]، پوختەی قسان ئەوەیە: ئەمەریکا تەنیا لەو ناوچانە سەرپەورشتی کار و پرسەکانی مافی مرۆڤ دەکا، کە بەرژەوەندی خۆی تێدا بەرچاو دەکەوێت[٣٩]. لەوەش گرنگتر ئەوەیە: بۆچی ئەمریکا لە کاتێکدا داوا لە خەڵکی دەکات پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ بکەن، کەچی خۆی گوێ ناداتە پەیوەستنامە و جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ و لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتان، لە سیلەی مافی مرۆڤەوە یەك جۆر سیاسەت پەیڕەو ناکات؟

لەگەڵ ئەوەی کۆتایی هاتنی جەنگی سارد ئومێد بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پاراستنی ئەو چەمکانەی لەگەڵ خۆی هێنا: ڕەوتی دیموکراتیزە بوون و لیبرالیزم لە جیهانی سێیەمدا کەوتۆتە سەر ڕێ و لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتی پێشو و وڵاتانی دیکە مافەکانی مرۆڤ بایەخی پێدەدرێت.[٤٠]

هێشتا گەلێك ئاستەنگ و کێشە لەبەردەم سیاسەتی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ دا هەن. بەگشتی دەبێ بڵێین: لەگەڵ ئەو ئاستەنگە فراوانانەی بەردەم مافەکانی مرۆڤ، بە چاوپۆشین لە ئاپارتایدی ڕەفتار و گوفتاری ئەمەریکییەکان لەگەڵ ئەوانەی بانگەشەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن لەمەڕ سیستمی نوێی جیهان و پێوەرەکانی، ئایا ڕاستگۆن؟ لە سەرەتای دەهەی (٩٠)ی سەدەی رابردوودا گۆڕانی کاریگەرو بەسوود لەسەر ئاستی بەهێزکردنی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ هاتۆتە ئاراوە... (جیمز ڕۆزنۆ) لەم بارەیەوە دەڵێت: لێوەشاوەیی و شارەزایی شۆڕشگێڕی سەرچاوە گرتوو لە پەروەردە و فێرکردن و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کلتووری جیهانی و فراوان بوونیان، بە ئاشکرا دیارە خوازیاری ئازادی و بەشداری سیاسی و دابینکردنی مافەکانی خۆیانن.. بەم پێیە لە هەناوی مرۆڤەکاندا گەلێك گۆڕانکاری ڕوویانداوە، خەڵکی چی تر ئامادەنین بێ مەرج گوێڕایەڵ بن، بەڵکو دەیانەوێ ڕاوبۆچوونیان بە هەند وەربگیرێت.

بەگشتی بە لەبەرچاوگرتنی پرسی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بەجیهانی بوونی، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە پێشێلکردنیان کاریگەری و ئاسەواری خراپی لەسەر ناوبانگ و ئابڕووی وڵاتان بەجێ دەهێڵێ. بۆیە پێویستە مافی مرۆڤ لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پلەو پایەیەکی شایستەی هەبێت. ڕێگاچارەو شێوازی لیبراڵ بۆ سیستمی نوێی جیهانی ئەم ڕەوتە بەهێز دەکات، چونکە سەرجەم گۆڕان و چالاکییەکان بە ئاقارێکدا دەڕۆن، پارێزگاری جیهانی لە مافەکانی مرۆڤ لەو سیستمەدا پڕ ڕەنگ و گرنگ دێتە هەژمار.

## پەراوێزو سەرچاوەکان

1- Michact singer (1997) the future of international human rights. Washington: international rule of law center, P. 13.

2- Barry Hughes (1991) continuity and change in world politics New York: prentice hall. p 278.

3- Hamid gaham. (1991) Le system de protection des droits de. I. home de Lorganiztion des nations unies. Strasbourg, notes cornier I.I. D.H. p.4.

٤- هوشنگ مقتدر (١٣٧٧هـ.ش) تحولات حقوق بشر در نظام نوین بین المللی تهران: مصاحبه و گفتوگو در واحد علوم وتحقیقات، ص٣.

5- Philippe moreou defrags: (1998) re- lations internationals Paris: editions usual. p.57.

٦- عبدالعلی قوام (١٣٦٠) اصولی سیاست خارجی و سیاست بین الملل، تهران: انتشارات همت. ص٧٢.

٧- ر.ك: صفا فاصچلی (١٣٧٣) جایگاهی سازمان های بین المللی در نظام جدید بین الملل تهران: رساله کارسناسی ارشد علوم سیاسی و معارف اسلامی دانشگاه امام صادق (ع)، ص١٦١.

و: سید حسین سیف زاده. (١٣٧٣) (نظم توین جهانی، دوران گزار به تلفیق فرد گرایی با جمع گرایی). مجله دانشکده حقوق علوم سیاسی. شماره ٣٣. ص٧١١.

و: سید داود اقایی. (١٣٧٥) نقش و جایگاه شورای امنیت سازمان ملل متحد در نظم نوین جهانی. تهران: نشر پیك فرهنگ، ص٥٥.

8- Humid Graham. (1993). international Poetics' of the Middle East in post- cold war Era. Ottawa

9- I bed.

١٠- اقایی. پیشین، ص٥٧.

11- Ahmadi. Op. Cit. P2

12- I bed. p.2.

١٣- سمۆئیل هانتینگتۆن، (١٣٧٦) (برخورد تمدنها: بازسازی نظم جهانی) ت: مجتبی امیری. پاورقی روزنامه اطلاعات. ص٢١.

١٤- محمود سریع القلم. (١٣٧٦). (قرن بیست ویکم وتجدید نظر در استراتژی ملی)). فصلنامه مطالعات خاورمیانه. سال چهارم، شماره ١١-١٢، ص٣.

15- Ahmadi: Op. Cit. P.3

.I bed. p. 5 16-

١٧- اقای پیشین. ص٥٧-٨٥.

١٨- همان. ص٦٧.

19- Ahmadi: Op. Cit. PP. 5-6.

20 - I bed. p. 9.

٢١- سید مهدی ساداتی نژاد. (١٣٧٥ هـ.ش) پایان جنگ سرد و تاثیرات ان بر مفهوم امنیت ملی با تاکید برکشورهای جنوب ١٩٩١-١٩٩٤، تهران: رساله کارشناسی ارشد علوم سیاسی دانشگاه تربیت مدرس، ص٥٠.

٢- ئەڵبەتە ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لەمەڕ ئایدیالیزم لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جیاوازە، لەم دەورەیەدا هەڵێنجانی لیبرالی بووەتە ئاراستەکەری رەفتاری واقعگەرایانەی وڵاتی رۆژئاوایی.

٢٣- مسعود اسلامي (١٣٧٥). (از حاكميت دولت تا حكمراني جهاني، تاملي در همكاريهاي نهادهاي بين المللي)). فصلنامة مطالعات سازمان متحد. سال اول. شمارة يك. ص٣٤.
٢٤- ئادام رابرتز. (١٣٧١) (عصر تازه در روابط بين الملل)٩ ت: مهبد ايرانی طلب. اطلاعات سياسی - اقتصادی. سال ششم، شماره ٥٧-٥٨، ص٢٢.
٢٥- ر. ك: عليرضا از غندی. (١٣٧٣). (بازدارندگی ونظم نوين جهانی)). مجله سياست دفاعی. سال دوم، شماره ٢. چ ٧٢-٣٧.
٢٦- علی اصغر كاظمي. (١٣٧٢). روابط بين الملل در تئوری وعمل. تهران: نشر قومس. چ٢٢٥.
٢٧- هوشنگ امير احمدی. (١٣٧١) نظم نوين جهانی، جنگ خليج فارس وتلاش ايالات متحده برای رهبری جهان)). ت: ميروس سعيدی. اطلاعات سياسی- اقتصادی، سال ششم، شماره ٥٥-٥٦، ص٥١.
٢٨- يان ندروينبيترز. (١٣٧٠). (فوكوياما و ديموكراسی ليبرال: پايان تاريخ)) ت: مجتبی اميری.. اطلاعات. سياسی - اقتصادی، فروردين واورديبشت. ٣٤.
29- Salle Morphet. (1993) The Nonaleigned in the new world order: The Jakarta summit)). International Relations, Vol. 11. No 40. p. 378.
30- John Kenneth Goibraith (1991). ((Rhetoriqe et realite le nouvel order mondiale est un souhaait louable 11 ne sera pas faeile a instaurer)). Le monde 16 avril 1991. p.2.
٣١- بطروس غالی. (١٩٩٢). دتسور كاری برای صلح. تهران: مركز اطلاعات سازمان ملل. ص٦٤.
٣٢- سيف زاده. پيشين. ص٤١١.
٣٣- محمد اكبری. (١٣٧٤). تاپير حقوق بشر بر حاكميت ملی در نظام بين الملل. تهران: رسانه كارشناسی ارشد علوم سياسی دانشگاه تربيت مدرس. ص٩٢١.
٣٤- رابرتز. پيشين. ص٨١.
٣٦- ئەو مافەی كە لە بەندی ٢ ماددەی ٤ی پەيماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سياسيەكانی ساڵی ١٩٦٦ بە عينوانی ئەو مافانە ناوبراوە كە نە قابيلی پێوە زيادكردنی و نە قابيلی هەڵوەشانەوەن ئەوانيش بريتين لە: مافی ژيان، يا ساغ بوونی ئەشكەنجە، يا ساغكردنی كۆيلايەتی و بەندايەتی، يا ساغ بوونی دەستگير كردن و... تا بوونی كەسێتی حقوقی و مافی ئازادی عەقيدە و مەزهەب.
37- Francois Rigaun. (1991). ((Reflexion sur unnouvel order mondial)). African journal of International and comparative Law. No. 3. 1991. p. 663.
38- Edmond louve (1992) Relations International Le Monde Diplomatique October 1997. P. 31.
40- Jack DONNELLE. (1992) Human Rights in the new world order)). Policy Journal, spring. P. 249.

---

سەرچاوە: گۆڤاری اطلاعات سياسی - اقتصادی، ژمارە ١٤٧-١٤٨، ص١٢٠-٧٢١.